د. ئەلیزابێس فریرسۆن لە زانکۆی سینستاتی ئەمەریکا بۆ گوڵان:

واقیعی ئێستای عێراق وەک واقیعی باشووری ئەفریقیای دوای رووخانی رژێمی ئاپارتایدە

خاتوو ئەلیزابێس فریرسۆن کە ئوستادی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سینیستاتی ئەمەریکا، تایبەتمەندە لە سەر کێشەکانی تورکیا و عێراق و تۆژەرە لەسەر تورکیای مۆدێرین و دەوڵەتی عوسمانی، د. فیریرسۆن چەندین کتێبی بە بایەخی هەیە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکرنی بارودۆخی عێراق و کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

ئایینده‌ی عێراق نادیاره و دەبێ ئەمەریکا چاو بە خۆیدا بخشێنێتەوە

ئایینده‌ی عێراق رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو رەشبینی تر هەنگاو هەڵدەگرێت، کێشە و گرفتە مەزهەبییەکانی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە زیاتر قووڵدەبێتەوە و، هێزەکانی ئەمەریکا بە تەنیا ناتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن و، حکومەتی مالکیش ئەو توانایەی نییە بتوانێت بە هاوکاری ئەمەریکا کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات، ئەم بارودۆخە وایکردووە ئەمەریکا رووبەڕووی واقیعێکی تاڵ بکاتەوە، یان ئەوەتا عێراق بەجێ بهێڵێت کە کارەساتێکی گەورەی بە دواوەیە،یان هەوڵبدات سیاسەتی خۆی بە جۆرێک دابڕێژێتەوە کە لە ئاستی تەحەدییەکانی عێراقدا بێت. سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا خاتوو ئەلیزابێس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«من پێموایە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بەرەو لاوازی دەچێت، دەبوایە پێش ئەوەی بێتە عێراقەوە سیاسەتێکی تۆکمە و بەهێزی هەبوایە، بۆیە من ئومێد دەخوازم بەرپرسانی ئەمەریکی سەر لە نوێ چاو بە سیاسەتی خۆیاندا بخشێننەوە، بەڵام دیسان سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا گەشبینم.

ئێستا عێراق رووبەرووی کۆمەڵێک گرفتی گەورە بۆتەوە، لە هەموویان خراپتر ئەو شەڕە ناوخۆییەیە کە ئێستا لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەدا هەیە و، پێناچێت ئەم شەڕە بە ئاسانی کۆتایی بێت، هەتا ئەگەر کۆتایشی پێ بێت لەسەر بنەمایەکی ئایینی، هەر لایەک بەجیا کۆتایی دێت.

بارودۆخی ئێستای ناوەڕاست و باشووری عێراق لەوە خراپترە کە پێشبینی دەکرا، ڕۆژانە بە چەندین شێوەکاری خۆکوژی و توندوتیژی ئەنجامدەدرێت، ئەمەش بارودۆخێکی هێندە ترسناکی خوڵقاندووە کە کارێکی زەحمەتە بیر لەوە بکرێتەوە بە ڕێگەی ئاشتی چارەسەر بکرێت، ئێستا هەردوو کۆمەڵگەی شیعە و سوننە هەڕەشە لە یەکتری دەکەن و خۆیان دەخوازن شەڕەکە بەردەوام بێت.

مەترسی دەستێوەردانی ئیقلیمی

وێڕای ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە، مەترسی دەستێوەردانی دەرەکیش هەڕەشەیەکی دیکەیە لەسەر ئایندەی عێراق، بەتایبەتی دەستێوەردانی سلبی هەر سێ دەوڵەتی ئێران، سوریا، تورکیا، کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت عێراق ببێتە گۆڕەپانی یەکلایکردنەوەی کێشەی ئەو دەوڵەتانە.

دەربارەی مەترسی دەستێوەردانی ئیقلیمیش د. ئەلیزابێس گوتی: ئەم مەترسییە زۆر جێگەی ترسناکییە، من ئومێد ناخوازم عێراق ببێتە گۆڕەپانی ئەو شەڕە، من کە ئێستا لە ئەمەریکا دەژیم حەز ناکەم وڵاتەکەم لەگەڵ ئێراندا بەشەڕ بێت یان هێرش بکاتە سەر ئێران، هەروەها ڕای گشتی خەڵکی ئەمەیکاش دژی شەڕە لەگەڵ ئێراندا و ئێستا ڕای گشتی ئەمەریکا دەیەوێت لە شەڕی عێراقیش ڕزگاری بێت، نەک شەڕێکی دیکەی بۆ زیاد بێت.

هەرچی سوریا و تورکیاشە، بێگومان تاڕادەیەک لە ئێران جیاوازە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا تورکیا دەبێت پابەندبێت بە پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان، دەبێ لەوە تێبگات کە پێویستە پشتگیری عێراق بکات.

کاریگەری پاشماوەڕی حوکمی سەدام حوسێن

عێراق لە ژێر دەستی حوکمی سەدام حوسێندا بەدڕندەترین شێوە حوکمڕانی کراوە، هەر بۆیە ئاسەواری ئەو حوکمڕانییە دڕندەیە بۆشاییەکی ئەوتۆی لە نێو پێکهاتەکانی عێراقدا دروست کردووە، کە کارێکی ئاسان نییە بتوانرێت پێکەوە بژین، بەڵام سەرکردە عێراقییەکانیش لە ڕاست ئەمەدا دەستەوەستان نەبوون و لە هەوڵی خۆیان بەردەوامن.

دەربارەی هەوڵەکانی سەرکردە عێراقییەکان بە گشتی و، ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان. خاتوو ئەلیزابێس گوتی: «پێموایە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەردەوام لە هەوڵدابووە بۆ ئەوەی هاریکاری سەرکردەکانی عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە بکات بۆ ئەوەی عێراقی نوێ دامەزرێتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە لە کاتێکدایە کە ئایندەی عێراق زۆر ڕەشە. ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەوڵی بۆ دەدات دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵییە لە عێراقدا، ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی ناوخۆییە و دەبێ عێراقییەکان لەسەری ڕێکبکەون، ئەوەی لێرەدا گرفتە ئەوەیە زەمینەی ئەو ڕێککەوتنە لەبار نییە، لەبەر ئەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ماوەی ٣٠ ساڵ زیاتری حەکمڕانیدا کۆمەڵێک بۆشایی گەورەی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا بەجێهێشتووە، هەر بۆیە ئێستا ڕووبەرووی واقعێک بۆتەوە، وەک واقیعی باشووری ئەفریقیای دوای ڕژێمی ئاپارتیدە گەورەترین گرفتی باشووری ئەفریقیا ئەوەبوو، کە دوژمنەکان لەناو کۆمەڵگەی باشووری ئەفریقیادا وەک هاووڵاتی قسەی لەگەڵ هەردوو لایەنی کێشەکە دەکرد، من ئومێد دەخوازم عێراقیش بتوانێت بە هاوشێوەی باشووری ئەفریقیا پرۆسەی دانان بەو واقیعە و پێکهاتنەوە پیادە بکات.

ئێستا عێراق لە درامایەکی تراژیدیادا دەژی، ئەو تراژیدیایە دەبێ هەموو لایەک ئیعترافی پێ بکەن و بڕیار بدەن ئەو تراژیدیایە نەهێڵن و هەوڵبدەن پردی نێوان بۆشاییەکان دروست بکەنەوە.

ئێستا هەردوو کۆمەڵگەی شیعە و سوننە هەڕەشە لە یەکتری دەکەن و خۆیان دەخوازن شەڕەکە بەردەوام بێت

من کە ئێستا لە ئەمەریکا دەژیم حەز ناکەم وڵاتەکەم لەگەڵ ئێراندا بەشەڕ بێت یان هێرش بکاتە سەر ئێران، هەروەها ڕای گشتی خەڵکی ئەمەیکاش دژی شەڕە لەگەڵ ئێراندا و ئێستا ڕای گشتی ئەمەریکا دەیەوێت لە شەڕی عێراقیش ڕزگاری بێت، نەک شەڕێکی دیکەی بۆ زیاد بێت